**ئەم توێژینەوەیە لە ژمارەی ٢٨٧ – ٢٨٨ ی ڕێککەوتی ٩/٥ – ١٠/ ٢٠٢١ لە گۆڤاری ڕامان بڵاو کراوەتەوە**

# خوێندن بە زاری هەورامی

سوداد ڕەسوول*

## پێشەکی

زمانی کوردی زمانێکی فرەلەهجەیە و لەهجەکانیشی هەمەچەشن و بەربڵاون، هەندێک لەهجە لە زمانی کوردیدا هەیە لەهجەیەکی کۆنە (ئارکایکە archaic) لە ڕووی پێکهاتەی زمانەوە جیاوازە و تایبەتمەندییەکی کولتووریی ناوچەییشی هەیە، و لەگەڵ زارێکی دیکەی کوردی لە یەکگەیشتن لە نێوانیان کەمێک سەختە. هەورامی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێکە لەو زارانە، زازاکییش لە باکووری کوردستان هەمان تایبەتمەندیی زمانی و کولتووری هەیە. ئەم دوو زارە کوردییە، بەپێی ڕاپۆرتی یۆنسکۆ لە لیستی ئەو زار و زمانانەن کە مەترسی لەناوچوونیان لێ دەکرێ، چونکە ئەم دوو زارە بەردەوام ژمارەی ئاخێوەرانیان لە کەمبوونەوەدایە و بە ڕێکوپێکی ناگوێزرێنەوە بۆ نەوەی نوێیان، ئەگەر بەم ئاراستەیەش بەردەوام بن، بۆی هەیە لە داهاتوو بە یەکجاری لە بەین بچن.

کۆمەڵێک ڕێگە هەیە بۆ پاراستنی زمان و زارەکان لە فەوتان، یەکێک لەو ڕێگایانە خوێندنیەتی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە سیستەمی پەروەردەی ئەو وڵاتە. هەر بۆ ئەم مەبەستە، بەم دواییە وەزیری ڕۆشنبیری، بە ڕەسمی داواکارییەکی بۆ وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نووسیوە و داوای کردووە ڕێگە بدرێ دەرسێک بە هەورامی لە قوتابخانەکانی پارێزگای هەڵەبجە بۆ هەورامییەکان دابنرێت(١). خوێندنی ئەم دەرسە بۆ یەکەمجار بە هەورامی بۆ هەورامییەکان لە قوتابخانەکانی هەرێم، بابەتێکی گرنگی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و زارناسییە، پێویستی بە شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە هەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی زۆر گرنگە لە نێو ڕۆشنبیرانی کورد سەبارەت بەم پرسە زمانییە بەدحاڵیبوون دروست نەبێت و بە ئاراستەیەک کاری پێ نەکرێ کە کاریگەریی سەلبی لەسەر ئایندەی نەتەوەی کورد و یەکێتیی زمانی کوردی دروست بکات.

---

* مامۆستای زارە کورییەکان لە زانکۆی سۆران، خوێندکاری دکتۆرا لە بواری پلانی زمان لە زانکۆی ساینس لە مالیزیا.

١ – بەڕێز حەمەی حەمەسەعید وەزیری ڕۆشنبیری لە ڕێککەوتی ٣-٦-٢٠٢١ بە ڕەسمی داواکارییەک بۆ بەڕیز ئالان حەمە سەعید وەزیری پەروەردە ناردووە، تێیدا داوای کردووە ڕێگە بدرێ لە قوتابخانەکانی پارێزگای هەڵەبجە وانەیەک بە هەورامی بۆ هەورامییەکان بخرێتە ناو سیستەمی پەروەردەی حکومەتی هەرێمەوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین لە ڕوانگەیەکی زمانەوانی بابەتەکە شرۆڤە بکەین و ڕوونی بکەینەوە کە بۆچی گرنگە بەم زارە کوردییە بخوێندرێت، بەڵام بە هەندێک زار و شێوەزاری دی پێویست نییە؟ بۆ بەرچاوڕوونی باسەکە لە پێشدا بەکورتی ئاماژە بە هۆکاری لەناوچوونی زار و زمانەکان دەدەین لە جیهاندا، هەروەها باسی پێشینەی مێژوویی زاری گۆران – هەورامی دەکەین لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا؛ لە کۆتاییدا پلانی زمان بۆ باشووری کوردستان دەخەینە ڕوو کە لەپاڵ زمانێکی ستانداردی هاوبەشی کوردی، چەند زارێکی کوردییش لە سیستەمی پەروەردە پێیان بخوێندرێت.

## سەدەی لەناوچوونی زار و زمانەکان

ئەم سەدەیە لەگەڵ لێشاوی بەجیهانیبوون و باڵادەستبوونی کولتوورێکی جیهانی کە لە ڕۆژئاواوە سەرچاوەی گرتووە، کولتووورە ناوچەییەکان بەخێرایی لە ناو دەچن، هاوکات باڵادەستبوونی زمانە گەورە جیهانییەکان بە تایبەت ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانی و باڵادەستی زمانی دەوڵەت نەتەوەکان، هەڕەشە لە زمانە بچووکەکان دەکەن و جێگەیان پێ لەق دەکەن، بڵاوبوونەوەی خوێندن بە زمانێکی ستانداردی نەتەوەیی سەرانسەری لە هەموو شار و گوند و ناوچە دوور و شاخاوییە سەختەکان، زار و زمانە ناوچەییەکان کە هیچ بایەخێکیان بۆ خوێندن و کار پەیداکردن نییە و پشتگیریی سیاسی و ئابووریشیان نییە بەخێرایی لاواز دەبن و دەپوکێنەوە. لەم هەلومەرجە زمانییە، ئاخێوەرانی ئەم زارانە پێیان گرنگ نابێت زمانەکەی خۆیان بپارێزن و قسەی پێ بکەن، بە شێوەیەکی ڕێکوپێکیش زمانەکە ناگوێزرێتەوە بۆ منداڵەکانیان، بۆیە بەتێپەڕبوونی کات زارەکە کاڵ دەبێتەوە، تەنیا خەڵکی پیر و بە ساڵداچوو بەو زارە قسە دەکەن، نەوەی نوێ قسەی پێ ناکەن، تا دوا ئاخێوەری ئەم زارە یان زمانە سەر دەنێتەوە و لەگەڵیشی زمانەکە بۆ یەکجاری دەمرێت. هەر زمانێکێش کە دەمرێت زیندووکردنەوەی مەحاڵە.

لەگەڵ مردنی هەر زار و زمانێک، پاشخانە فەرهەنگی و مێژووییەکەشی بۆ یەکجاری ون دەبێت، ئەو کولتوورەی کە ئەم زمانە هەڵگریەتی وەک دابونەریت، ڕێوڕەسمی ئایینی، شیعر، داستان، ئەفسانە، ئەدەبی زارەکی، گۆرانی و مۆسیقا، پەند و قسەی نەستەق .. تاد کە هەموو زمانێک هەیەتی و لە یادگەی زمانەکە پارێزراوە، هەمووی لە ناو دەچێت، چونکە زمان ئەمبارێکە مێژووی کۆمەڵایەتی – کولتووری ئەو کۆمەڵگەیەی تێدا کۆبۆتەوە. لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان لەبارەی زمانەکان ئەم مەسەلانەی ڕوون کردووەتەوە کە زمان و زار بە تەنیا ئامرازی پەیوەندیکردن و گەیاندنی پەیام نین، کۆمەڵێک ڕەهەندی دیکە لە ناو زماندا هەیە: زمان ئەزموونێکی هزریی مرۆڤایەتییە، ناسنامە و جیهانبینی ئەو کۆمەڵگەیە کە ئەو زمانەی داهێناوە و لە دنیای ئەو زمانەش بیر دەکاتەوە، مردنی ئەو زمانە، لەناوچوونی دنیابینی مرۆڤەکانە بۆ ژیان و دەربڕینی هەست و خەونەکانیان، بۆیە زۆر گرنگە زمان و زارەکان زیندوو بمێننەوە، بۆ ئەوەی فرەچەشنیی زمانی و فرەکولتووری کە دنیای ئێمەیان جوان کردووە، هەر بە زیندوویی بمێننەوە. لەم ڕووەوە زمانەوانی بەناوبانگ

دەیڤید کریستاڵ بەوردی وەسفی ئەم حاڵەتە دەکات و دەڵێت: " جیهان مۆزائیکێکی بیر و بۆچوونە جیاوازەکانە، لەناوچوون و لەدەستدانی پارچەیەک لەم مۆزائیکە، لەدەستدانێکە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، چونکە ئێمە دەتوانین بە بوونی بیروڕا جیاوازەکان و ئەزموونەکان لەگەڵ یەک سوودمەند بین(٢) لەم سەردەمە کە سەردەمی لەناوچوونی زار و زمانەکانە، زارەکانیش وەک ئەزموونێکی ژیانی مرۆڤایەتی پارچەیەکی ئەو مۆزائیکە جیهانییەن پێوستە هەوڵی پاراستنیان بدرێت.. هەر لەبەر هەمان هۆکار، لەم سەردەمە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە گشتی و بەتایبەت ڕێکخراوی یۆنیسکۆ لە هەموو جیهان بایەخ بەم لایەنە دەدەن و هەوڵ دەدەن زمان و زارەکان بایەخی پێ بدرێت و زیندوو بمێننەوە.

ئەو زمانانەی تۆمار نەکراون و خەت و ئەلفوبێیان نییە و خاوەن هیچ نووسراوێکی ئەدەبیش نین کە دەمرن هیچ لە دوای خۆیان بەجێ ناهێڵن. نیوەی زمانەکانی دنیا تۆمار نەکراون و هێشتا زمانی زارەکین، بۆیە لەگەڵ فەوتانیان سامانێکی هزری مرۆڤایەتی کە لە یادگەی زمان و زارەکاندایە هەمووی دەفەوتێت(٣) لە جێگەی ئەو زمانە مردووە، کولتووری زمانێکی دی کە باڵادەستە و هێزی ئابووری هەیە و زمانی خوێندنە و توانای زانستی هەیە، جێگەی دەگرێتەوە.

هەر لەبەر ئەم هۆکارانە، لەم سەردەمەدا بە ڕێژەیەکی زۆر زمان و زارەکان ئەوانەی ژمارەی ئاخێوەرانیان کەمە و قەوارەیان بچووکە، مەترسی مردنیان لەسەرە. ئەمڕۆ ژمارەی زمانەکانی جیهان بە ٧ هەزار زمان و زار دەخەمڵێنرێت، زمانەوان و توێژەرانی بواری مردنی زمان و زمانە مەترسی لەسەرەکان، وا پێشبینی دەکەن کە هەتا سەدەی داهاتوو لە ٩٠% زمانەکان لە بەین بچن، لەم ژمارە زۆرە تەنیا ٦٠٠ زمانێک بۆی هەیە ڕزگاری بێت(٤).

لە نێو ئینسکلۆپێدیای زمانە مەترسی لەسەرەکان، هەندێک لە زمانە ئێرانییەکان لە ئێران و ئەفغانستان و تاجیکستان ناویان هاتووە، کە زمانی قەوارە بچووکن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی ئاخێوەرانیان لە کەمبوونەوەدایە و مەترسی ئەوە هەیە لە داهاتوو لە ناو بچن، وەک زمانەکانی گیلەکی، مازندەرانی، سێمنانی، تالشی لە کەنارەکانی دەریای خەزەر لە ئێران، تاتی، تالشی لە ئازەربایجان، ئیشکاشیمی، شوغنی، یەغنۆبی، یەزدگولامی، ڤەخانی لە تاجیکستان، پەراچی، ئورموری لە ئەفغانستان(٥). ئەم زمانانە بەهۆی کەمی ژمارەی

2- David Crystal, English as a Global Language, Cambridge University Press. Cambridge, 2003. P. 339.

3 -K. David Harrison, When Languages Die: The Extinction Of The World's Languages And The Erosion Of Human Knowledge, Oxford University Press, 2007. pp. 15 - 17.

4 - David Crystal, Language Death, Cambridge University Press, Cambridge, 2003.p.18.

5 - George van Driem, South Asia and the Middle East, in "Christopher Moseley, (ed.), Encyclopedia of the World's Endangered Languages", Routledge, Abingdon, 2007. pp.315 – 347.

قسەپێکەرانی هەروەها بەهۆی ئەوەی کە هیچ پلەوپایەیەکیان بۆ خوێندن و ژیانی سیاسی و ئابووریی وڵاتەکانیان نییە، بەردەوام قەوارەی قسەپێکەرانی بچووک دەبنەوە و بێهێز دەبن. تەنانەت زمانی ئورموری لە ئەفغانستان بە ڕادەیەک ئاخێوەری کەم بووەتەوە کە ئێستا تەنیا پەنجا کەس ماوە بەو زمانە قسە بکات، و بە ڕێگەوەیە بەرەو مردن(٦).

زمانی کوردی و زارەکانی لەم مەترسییە بە دوور نییە؛ لە هەمان ئینسکلۆپێدیا ناوی هەردوو زاری کوردیی گۆران – هەورامی و زازاکی (دملکی) لە ڕیزی ئەو زارانەن کە لە مەترسیدان و بۆی هەیە لە پاشەڕۆژ بە یەکجاری بفەوتێن(٧).

## بۆچی گرنگە هەورامی وەک زارێکی کوردی بپارێزرێ؟

زۆر جار ئەو پرسیارە دێتە پێش، بۆچی گرنگە زمان و زارەکان بپارێزرێن؟ ئایا باشتر نییە بە یەک زمان بخوێندرێ و زار و بنزار و شێوەزارە ناوچەییەکان نەمێنن؟ ئەم بۆچوونە لە سەردەمێک ڕاست بووە کە هێشتا زمانەوانی وەک پێویست گەشەی نەکردبوو، بایەخ بە زار و شێوەزار نەدەدرا، بەتایبەت لە پرۆسەی نەتەوەسازی لە ئەوروپا لە سەدەکانی هەژدەم و نۆزدەم بەتوندی دژایەتی زار و زمانە ناوچەییەکان کراوە و بە هەڕەشە دانراون بۆ یەکێتیی زمانی نەتەوە سەردەستەکە. دەوڵەت - نەتەوە یەک زمانی نەتەوەی سەردەستی دەسەپاند بە سەر خەڵکانێک کە سەر بە زمان و نەتەوەی جیاواز بوون؛ کورد خۆی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە قوربانی ئەم جۆرە دەوڵەت- نەتەوانەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە تورکیا، ئێران، عێراق، سووریایە. لەم جۆرە دەوڵەت نەتەوە تاکزمانییانە هیچ بایەخێک بە زمانی نەتەوەکانی دی و زمانی کەمینەکان و زارە ناوچەییەکان نەدراوە، تەنیا زمانی باڵادەستی نەتەوەی سەردەست گرنگ بووە، هەر ئەویش زمانی خوێندن و ڕەسمیی دەوڵەت بووە، زمان و زارەکانی دی پەراوێز خراون یان بەزۆرەملێ ئەسمیلە کراون. بەڵام لەم سەردەمە کە هۆشیاریی زمان گەشەی کردووە، ئەم بۆچوونە و ئەم زمان سەپاندنە چیدی بە ڕاست دانانرێت.

ئەگەر لەم ڕوانگەوە لە بابەتەکە بڕوانین، کەواتە زۆر گرنگە ئێمە بایەخ بە زارە کوردییەکان بدەین، بەڵام بۆچی و بەتایبەت بە زاری هەورامی؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژوو.

وەک ئاشکرایە زمانی کوردی لە مێژووی ئەدەبیاتیدا بە یەک زمانی هاوبەشی ئەدەبی نەبووە، لە سەردەمی جیاواز، چەند زارێکی کوردی لە چوارچێوەی میرنشینییەکان زمانی ئەدەبی بووە و شیعر و داستانی پێ نووسراوە. زاری کوردیی باکوور کە بە کورمانجی ناسراوە لە چوارچێوەی میرنشینی بۆتان لە سەدەی شازدەمەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەم زمانی ئەدەبی بووە، زاری کوردیی ناوەندییش کە بە هەڵە پێی دەگوترێ سۆرانی لە چوارچێوەی

---
6 - Ibid. p. 338.
7 - Ibid. P.328.

میرنشینی بابان لە سەدەی نۆزدەم بووە بە زمانی ئەدەبی و ئیستاش لە باشووری کوردستان وەک زاریکی ستاندارد، ڕۆلی زمانێکی هاوبەش دەگێڕێت. لە پێش ئەم دوو زارە کوردییە، زاری کوردیی گۆران – هەورامییش لە چوارچێوەی میرنشینی ئەردەلان، زمانێکی هاوبەشی ئەدەبی بووە و گەنجینەیەکی یەکجار دەوڵەمەندی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی پێ نووسراوەتەوە. لە سەردەمێک زاری گۆران لە ناوچەیەکی بەرفراوان لە ناوەڕاستی کوردستان هەر لە باکووری لوڕستانەوە تا ناوچەی موکریان و لە هەمەدانەوە تا ناوچەی کەرکووک و کفری، بۆ ماوەی چەندین سەدە هەر لە سەدەی چواردەمی میلادییەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەمی میلادی، زمانێکی هاوبەشی ئەدەبی koinē بووە، کە بێجگە لە ئاخێوەرانی گۆران - هەورامی، بۆ ئاخێوەرانی کوردیی ناوەندی و لەکی و کەڵهوڕی و لوڕییش زمانی شیعر و ئەدەب و داستان بووە، چەندین داستانی دڵداری و حەماسەیی و پاڵەوانی و دینی و مێژوویی بەم زارە نووسراونەتەوە. لێرەدا بۆ نموونە ناوی چەند شاعیرێک دێنین کە لە ناوچەی جیاوازیی کوردستان بە زاری گۆران – هەورامی شیعریان نووسیوە: مەلا پەرێشان (١٣٥٦ – ١٤٢١م) خەڵکی دینەوەری سەر بە شاری کرماشان بووە بە بنەچە لەک بووە، مەلا مستەفای بێسارانی(١٦٤١ – ١٧٠٢م) خەڵکی گوندی بێساران بووە سەر بە ناوچەی ژاوەڕۆی نێوان هەورامانی تەخت و گاوەڕۆیە کە ئەم ناوچەیە بە شێوەزارێکی هەورامی قسە دەکەن(٨). ئەڵماس خانی کەندوڵەیی (١٧٠٢ – ١٧٧٦م)، خەڵکی گوندی کەندوڵەی سەر بە کرماشان بووە، کۆمەڵێک چیرۆک و داستانی پاڵەوانی و حەماسی نووسیوە؛ غولام ڕەزای ئەرکەوازی (١٧٧٥ – ١٨٤٠م) لە گوندی بانوێزەی سەر بە ئوستانی ئیلامە، بە کەڵهوڕی قسەی کردووە و بە زاری گۆران شیعری نووسیوە؛ سەید نوشاد ابوالوفایی بە بنەچە لەک بووە لە سەردەمی نادر شای ئەفشار (١٦٨٨-١٧٤٧م) ژیاوە، خاوەن داستانێکی شیعری بە ناوبانگە بە زاری گۆران بە ناوی (دار جەنگە = دار جنگە)(٩)؛ خانای قوبادی(١٧٠٤ – ١٧٧٨م) بە بنەچە لە هۆزی قوبادییەکانی جافی جوانرۆ بووە(١٠)، بە شێوەزارێکی کوردیی ناوەندی قسەی کردووە، خاوەن داستانی شیرین و خوسرەو و لەیلی مەجنوونە بە زاری گۆرانی؛ وەلی دێوانە(١٧٤٥ – ١٨٠١م) خەڵکی گوندی بەکراوای سەر بە هەڵەبجە بووە؛ ڕەنجووری(١٧٥٠ – ١٨٠٩م) خەڵکی کەرکووک بووە؛ صەیدی هەورامی (١٧٨٤ – ١٨٥٤م) خەڵکی هەورامانی تەخت بووە لە

---

٨ – مەلا مستەفای بێسارانی، دیوانی بێسارانی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: کیومرث نیک رفتار، چاپکراوی ئەمینداری گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی الأدیب البغدادیة، بەغدا، ١٩٨٢. ل٩

٩ – اسفندیار غضنفری، گلزار ادب لرستان، مجموعه اشعار، انتشارات مفاهیم، تهران، ١٣٧٨، ص.٥٧.

١٠ – خانای قوبادی، دیوانی خانای قوبادی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)، نشر شوان، سنندج، ٢٠١٦. ل٨٥.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هەورامییەکی کۆن شیعری نووسیوە(١١)؛ ئەحمەد بەگی کۆماسی (١٧٩٨ – ١٨٧٨م) خەڵکی مەریوان بووە، سەید یەعقوب یان سەی یاقۆ (١٨٠٢ – ١٨٧٥م) خەڵکی گوندی قەمشەی ناوچەی ماهیدەشتی کرماشان بووە و زارەکەی خۆی کەڵهوڕی بووە؛ مەلای جەباری (١٨٠٦ – ١٨٧٦م) خەڵکی گوندی بانگۆلی ناوچەی جەباریی سەر بە کەرکووک بووە، زارەکەی خۆی شێوەزارێکی گەرمیانی بووە(١٢)؛ فەقێ قادری هەمەوەند( ١٨٣٠ – ١٨٨٠) کە خەڵکی بازیان و چەمچەماڵ بووە و شیوەزاری خۆی گەرمیانی بووە(١٣)؛ لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمیش عەبدولڕەحیمی مەولەوی (١٨٠٦ – ١٨٨٢) خەڵکی گوندی سەرشاتەی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە بووە، لووتکەی شیعری کلاسیکی بە زاری گۆران بووە(١٤). ئەمانە و بە دەیانی شاعیری دی کە لێرە ناکرێ ناوی هەموویان بێنین، بە زاری گۆران، مێژوویەکی ئەدەبی پرشنگدار و پڕ بەرهەمیان بۆ زمانی کوردی بەرهەم هێناوە.

لەپاڵ ئەم زمانە ئەدەبییە، هەر ئەم زارە بۆ باوەڕدارانی دینی یارسان (ئەهلی هەق) زمانێکی دینی*Liturgical language* بووە، هەر لە سەرەتای گەشەکردنی ئەم دینە لە ناوچەی گۆرانەکان، گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی دەقی دینی و سروودەکانی دینی یارسان وەک سەرەنجام و کەلامەکانی، بە زاری گۆران بە شیعر نووسراوەتەوە و هەندێکیش بە پەخشان بووە.

ئەم شاعیرانە کە بەم زارە کوردییە دەقی ئەدەبییان نووسیوە، زارەکەیان بە گۆران ناو بردووە، چونکە ئەوسا ئەو زمانە ئەدەبییە ناوی گۆران بووە و هەورامی نەبووە(١٥)، زارێکی

---

١١ – دیوانی صەیدی هەورامی، کۆکردنەوە و شیکردنەوەی: محمد أمین کاردۆخی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٧١. ل٤.

١٢ – دیوانی مەلای جەباری، کۆکردنەوە و لەسەر نووسینی: عبدالجبار محمد الجباری، کەرکووک، ١٩٦٧. ل٩.

١٣ – کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ملا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا، ١٩٨٠. ل١٦.

١٤ – ساڵی لە دایکبوون و وەفاتی زۆربەی شاعیران لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیی دوکتۆر مارف خەزنەدار وەرگیراوە. بڕوانە:

دوکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠١٠.

١٥ – خوالێخۆشبوو محەمەدی مەلا کەریم لە پێشەکییەکەی بۆ شیرین و خوسرەویی خانای قوبادی، جەخت دەکاتەوە کە ئەم زارە ئەدەبییە خانای قوبادی ئەم داستانەی پێ نووسیوە ناوە ڕاستەقینەکە و زانستییەکەی گۆرانی بووە. بڕوانە: خانای قوبادی، شیرین و خوسرەو، محمدی مەلا کریم ساغی کردۆتەوە و فەرهەنگی بۆ ڕیکخستووە و پێشەکیی بۆ نووسیوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا، ١٩٧٥. ل٧.

تەواو وەک هەورامیی ئێستا نەبووە، لە ڕووی فەرهەنگۆکی وشەوە تێکەڵ بە زار و شێوەزارەکانی دەوروبەری وەک لەکی و کەڵهوڕی و لوڕی و کوردیی ناوەندی بووە، بە ڕێزمانیش تەواو وەک ڕێزمانی ئێستای هەورامی نەبووە، لە ڕێزمانی کەڵهوڕی و لوڕی نزیک بووە(١٦). ئەم زارە ئەدەبییە لە دوای ڕووخانی میرنشینی ئەردەلان لە ١٨٦٧ کە پاڵپشتی سیاسیی ئەم زارە بووە، بەرەو لاوازی دەچێت و چیدی وەک زمانێکی ئەدەبی ڕۆڵی نابێت، هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم جاروبار شیعری پێ نووسراوە. دەرکەوتنی زاری کوردیی ناوەندی لە سەدەی نۆزدەمدا لە میرنشینی بابان وەک زمانیکی ئەدەبی لە ناوەڕاستی کوردستاندا، جێگەی زاری گۆران دەگرێتەوە.

گۆران وەک زارێکی ئەدەبی ئێستا لەناوچووە، بەڵام ناوی گۆران وەک کۆنفیدراسیۆنێکی عەشیرەتیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوە کە لە باکوور و ڕۆژئاوای ئوستانی کرماشان نیشتەجێن، زۆربەیان بە دین یارسانن (ئەهلی هەق). وەک دیارە لە سەرەتاوە گۆرانەکان هەموو بە زاری گۆران قسەیان کردووە، هەر ئەوانیش ئەم ناوەیان بە زارەکە بەخشیوە، بەڵام دواتر گۆرانەکان بەرەبەرە تواونەتەوە و ئەسمیلە بوون و زمانی ئاخاوتنیان لە گۆرانەوە بووە بە کوردیی خواروو (کەڵهوری). ئێستا لەم ناوچەیە هەر لە قەسری شیرین و ناوچەی کێوەکانی دالاهو هەتا ناوچەی کرند و زەهاو و گەهوارە تەنیا دوو گوند ماوە بە گۆران - هەورامی قسە بکات: گوندی زەردە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سەرپێلی زەهاو، گەورەجۆ(١٧) لە نزیک گەهوارە، باقی ناوچەکانی دی هەموو بە کوردیی خواروو( کەڵهوڕی) قسە دەکەن.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی گۆران – هەورامی بەپێی توێژینەوە زمانەوانییە مێژووییەکان، زارێکی ئارکایکە (کۆنە) و ڕیشەی لە زمانە کۆنەکانی ئێرانیدایە وەک پەهلەوی و ئاڤێستا، زارە کوردییەکانی دیش هەمان ڕیشەی زمانیان هەیە، بەڵام هەورامی کۆنترە و کۆمەڵێک پێکهاتەی ڕێزمانی و دەنگی تایبەتی لە زمانە کۆنە ئێرانییەکان پاراستووە.

دوای ئەم هەموو ئەسمیلەبوونە، ئەم زارە کوردییە بەم پاشخانە ئەدەبییە دەوڵەمەندە، ئەوەی ماوە و لە دەست جەوری ڕۆژگار ڕزگاری بووە، ئێستا لە نێو شاخە سەرکەشەکانی هەورامان پارێزراوە، چونکە ناوچەی شاخاوی کە هاتوچۆی لەسەر کەمە و دوورەپەرێز و گۆشەگیرە و شاری گەورەی نییە، زمان دەپارێزێت، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ کە خوێندن بە یەک زمانی ستاندارد گەیشتووە بە هەموو گوند و شار و شارۆچکەیەک، ئەم خوێندنە هەموو گوندەکانی هەورامانیشی گرتووەتەوە: ناوچەی هەورامان لە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە

---

١٦ - بهروز چمن آرا، سیروس امیری، گورانی: زبان محاورەای یا زبان ادبی کردی؟، ترجمە: وزیر منبری، مجلە هۆنە، شمارە ٤ و ٥، دانشگاه کردستان، سنندج، بهار ٩٨ شمسی. ص. ٤٥.

١٧ - گوندی گەورەجۆ لە پاشماوەی ئەو گوندانە بوو لە ناوچەی گۆرانەکان کە بە زاری گۆران – هەورامی قسەیان دەکرد، بەم دواییە بە هۆی دروستکردنی بەنداوێک لە سەر ڕووباری زمکان، ئەم گوندە و چەندین گوندی دی کەوتنە ژێر ئاوەوە و دانیشتوانەکەشی کۆچیان کرد بۆ شوێنی دی.

ئێران بە فارسی دەخوێنن و لە دیوی باشووری کوردستانیش بە کوردیی ناوەندی دەخوێنن. هەورامی بەهۆی نەخوێندن بە زارەکەیان بەردەوام ژمارەی ئاخێوەرانی کەم دەبێتەوە، چونکە زارەکەیان هیچ پلەوپایەیەکی بۆ خوێندن نییە و هیچ هێزیکی ئابووریشی نییە کە کەسێک فێری بێت و کاری پێ پەیدا بکات، بۆیە ئاخێوەرانی چیدی پێیان گرنگ نابێت ئەم زارە بۆ منداڵەکانیان بگوێزنەوە، بەتێپەڕبوونی کات زارەکە بە ڕادەیەک کاڵ دەبێتەوە کە ئیدی کەس پێی گرنگ نابێت قسەی پێ بکات. مخابنە ئەمڕۆ ئەم زارە کوردییە لاواز بێت، یان ئێمە بە دەستی خۆمان لاوازی بکەین و بچێتە لیستی زمانە مردووەکان. بە نەمانی ئەم زارە کوردییە، ئەدەبیاتە کلاسیکییە کوردییەکەش وەک ئەدەبیاتێکی مردوو سەیری دەکرێ، ئەمە بێجگە لەوەی لە دەستدانی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی زمان و ئەدەبیاتی زارەکیشە، لەناوچوونی کولتووری ڕەسەنی هەورامانیشە.
بنزارەکانی زاری گۆران – هەورامی وەک ماچۆ کە کاکەییەکان لە کەرکووک و چەند شوێنێکی دی پێی دەدوێن، شەبەکی کە شەبەکەکان لە ڕۆژهەڵاتی مووسڵ پێی دەدوێن، لەگەڵ عەشیرەتەکانی باجەلان، ڕۆژبەیانی، زەنگنە،..ئەمانە وەک لە مێژوودا باسی کراوە لە بنەچەوە لە سەدەکانی ڕابردووەوە هەر لە ناوچەی گۆرانەکانەوە بۆ باشووری کوردستان کۆچیان کردووە، و ئایین و باوەڕ و شێوەزارەکەشیان بۆ باشووری کوردستان هێناوە، ئێستا بە پەرشوبڵاوی لە چەند پارێزگایەکی باشووری کوردستان نیشتەجێن. شێوەزارەکانیان هەمووی لەبەردەم مەترسیدایە کە لە پاشەڕۆژ لەناو دەچن، چونکە منداڵەکانیان بە زاری ستانداردی کوردیی ناوەندی دەخوێنن و لە دەرەوەش لە دەوروبەرێک دەژین و کار دەکەن کە زیاتر بە کوردیی ناوەندی قسە دەکەن، بۆیە نەوەی نوێی ئەم شێوەزارە گۆرانییانە چیدی پێیان گرنگ نابێت بە شێوەزاری پێشینانی خۆیان قسە بکەن.
لەم هەلومەرجە زمانییە ئەگەر بمانەوێ پلانێکمان هەبێت بۆ ڕزگارکردنی ئەم زارە کوردییە، دەبێ دەزگاکان و مەڵبەندە ڕۆشنبیرییەکانی باشووری کوردستان بە هۆشیاری و بە بایەخەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم زارە کوردییە بکەن و وەک گەنجینەیەکی گرانبەهای زمانی کوردی و ئەدەبی کوردی سەیری بکەن، پاراستنی بە ئەرکێکی نەتەوەیی بزانن.
کۆمەڵێک ڕێگە هەیە بۆ پاراستنی زار و زمانەکان لە فەوتان، وەک هاندانی ئاخاوتن بە زارەکە لە ماڵ و شوێنە گشتییەکان، بەکارهێنانی لە بواری هونەری وەک گۆرانی، سینەما، شانۆ، دراما، دەرکردنی بڵاوکراوە بە زارەکە وەک گۆڤار، ڕۆژنامە، نامیلکە، کتێب،.. تاد بەڵام گرنگترین ڕێگەیەک بۆ پاراستنی زار یان زمان خوێندنیەتی وەک زمانی دایک لە چەند قۆناغێک لە قوتابخانەدا. چونکە خوێندنی ئەو زمانە یان ئەو زارە لە قوتابخانە، زارەکە بە ستاندارد دەکات و لە زارێکی زارەکییەوە دەبێت بە زارێکی نووسراو و خاوەن ئەدەبیاتی

نووسین، پلەوپایەی بۆ پەیدا دەبێت و دێتە ناو کۆمەڵگەکە و ئاخاوتنی پێ دەکرێ و پێی دەنووسرێ و دەبووژێتەوە(١٨).

لە ماوەی سێ دەیەی دواییدا هەورامی هەندێک کاری گرنگی لەسەر کراوە: وەک کۆکردنەوەی وشەکان و دانانی فەرهەنگ و نووسینی ڕێزمان و کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی دەقە کلاسیکییەکانی گۆران- هەورامی، سەرەڕای بڵاوکردنەوەی گۆڤار و کتیب و نامیلکە، بەڵام زارەکە هێشتا هەر لە پاشەکشێدایە، چونکە پێی ناخوێندرێ، بۆیە ئەگەر لە قۆناغەکانی سەرەتایی هەورامییەکان پێی بخوێنن، زارەکە بووژانەوەیەکی باشتر بە خۆیەوە دەبینێت.

شیاوی گوتنە، لە بەشە کوردییەکانی زانکۆکانی کوردستان پێویستە بایەخێکی زیاتر بە هەورامی و ئەدەبیاتەکەی بدرێت، بەتایبەت لە دەرسی زارە کوردییەکان پێویستە بە هەردوو زاری گۆران – هەورامی و زازاکی، دوو کۆرسی تایبەت بە ڕێزمان و دەقی ئەم دوو زارە بخوێندرێن، بۆ ئەوەی ئەو خوێندکارە کە لە بەشی کوردی دەردەچێت، ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم دوو زارە کوردییە هەبێت.

## هەورامی زارە یان زمان؟

بێگومان هەورامی زارێکی زمانی کوردییە، چونکە هەورامییەکان نەکە هەر بە مێژووی کۆن و نوێ کوردن، بەڵکو بە هەست و خوێن و دەروونیش کوردن، بە مێژووی هەورامان کوردن، بە مێژووی ئەدەبی کوردی، زمانەکەیان زارێکی کوردییە، هەموو ئەو شاعیرە کوردانەی بەم زارەیان نووسیوە و زارەکەیان بە گۆران ناو بردووە هەندێک جار بە کوردی یان کوردیی گۆران ناویان بردووە، بۆیە ئەوانەی بانگەشەی زمان بۆ هەورامی دەکەن، دەیانەوێ هەورامی لە زمانی کوردی دابڕن، دەبێ لەگەڵ هەموو مێژووی هەورامان و زمان و ئەدەبی کوردیی هەورامی شەڕ بکەن. هەرگیز ڕاست نییە بە زارێکی کۆنی کوردی وەک هەورامی بگوترێ زمان، کە گوتت زمان واتە ئەم زارە کوردی نییە، زمانێکی سەربەخۆیە! نابێ خوێندن بە زارێکی کوردی بۆ ئەجێندایەکی سیاسی دژ بە کورد و ناسنامەی زمان و نەتەوە بە کار بێت، کە ئەمە ڕاست نییە خوێندن بە زارێکی کوردی خزمەت بە ئەجێندای سیاسیی داگیرکەرانی کوردستان بکات کە دەیانەوێ کورد بە زمان و نەتەوە پەرتەوازە بکەن(١٩).

هەرچەندە لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتناسیدا لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا لە لێکۆڵینەوەکانیان سەبارەت بە گۆران – هەورامی و زازاکی، ئەم دوو زارەیان بە زمان داناوە، پێیان وایە ئەمانە کوردی نین و زمان و نەتەوەی سەربەخۆن، بەڵام ئەمە دیدی ڕۆژهەڵاتناسییە، کورد خۆی خاوەنی زمان و زارەکانیەتی و نابێ کوردێک لە ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسییەوە لە زارە

---

18 - Grenoble, L. A. & Whaley, L. J. Saving Languages: An Introduction to Language Revitalization. Cambridge University, New York, 2006. pp.116 – 119.

١٩ - چەندین زاری دیکەی کوردی وەک زازاکی و لەکی و لوڕی بۆ هەمان ئەجێندای سیاسی لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێران وتورکیا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ، بۆ ئەوەی لە زمانی کوردی داماڵرێن وبکرێن بە زمانی سەربەخۆ.

کوردییەکان بڕوانێت (٢٠). ئەم بۆچوونانە هیچیان بنەمایەکی زانستییان نییە، چونکە پرسی زمان و زار تەنیا جیاوازیی زمانەوانی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی کولتووری و نەتەوەیی و سیاسی و ئابووریشە. زمانەوانی نوێ بە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان زار و زمان لە یەک جودا دەکاتەوە.

هەر لەم ڕووەوە، زۆر گرنگە هەورامی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێم وەک زارێکی کوردی ناوی بێت، نابێ زارێکی کوردی بۆ مافی خوێندن، ناوی لە ڕیزی زمانەکانی عێراق بێت وەک زمانی عەرەبی و سریانی و تورکمانی و کوردی. پێویستە لەگەڵ ناوی هەورامی و بادینی پێشگری زاری کوردی هەبێت: زاری کوردیی هەورامی، زاری کوردیی بادینی، بۆ ئەوەی ناسنامەکەی دیار بێت کە کوردییە و زمانێکی سەربەخۆ نییە.

## خوێندن بە زار لە بەرانبەر زمانی ستاندارد

لەم سەردەمەدا کە زار و زمانەکان بەخێرایی هەڵدەوەرێن و لەناو دەچن، وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا، لە دەستدانی هەر زارێکی کوردی کە پاشخانێکی دەوڵەمەندی ئەدەبی هەیە، زیانێکی گەورە بەر گەنجینەی زمانی کوردی و زارەکانی دەکەوێت، بۆیە لەپێناو پاراستنیان نابێ ئێمە لە خوێندن بە زار بترسین، نابێ ئێمە کارێک بکەین هەندێک تایبەتمەندیی زار کە لە زمانی کوردیدا هەیە بە زۆرەملێ بتوێنرێنەوە، کە ئەم جۆرە تواندنەوەیە ئەوەندەی زیانی بۆ فرەکولتووریی نەتەوەی کورد و فرەلەهجەیی زمانی کوردی هەیە، هیچ سوودێکی نییە. پلانی زمان بۆ نەتەوە لە باشووری کوردستان، پێویستە بە میتۆدێکی زانستی و سەردەمییانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و ئەم بارودۆخە جیهانییە ڕەچاو بکرێ کە زار و زمانەکان ڕووبەڕووی بوونەتەوە و مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە.

وەک دیارە باشووری کوردستان، بارودۆخی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان جیاوازە، تەنیا بەشێکە دامودەزگای حکومەتی هەیە و لە پرۆسەی نەتەوەسازیشدایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ یەک زمانی ڕەسمی بۆ سیستەمی کارگێڕی و بواری ئەکادیمی هەبێت، بۆیە زمانێکی هاوبەشی کوردی کە ڕۆڵی لینگوافرانکا Lingua franca(٢١) لە نێو زارەکان بگێڕێت بۆ ئەم حکومەتە و زانکۆکانی پێویستییەکی حەتمییە، لە ژێر ئەم زمانە ڕەسمییە دەکرێ زارەکانیش گەشە بکەن، ئەم فرەچەشنییە دەوڵەمەندیی زمانی کوردییە و هۆکارێکی گرنگە بۆ مانەوەی نەتەوەی کورد بە یەکگرتوویی.

---

٢٠ – بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە: سوداد ڕەسوول، هەورامی لەهجەیە یان زمان؟ گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (١٣)، هەولێر، ٢٠١٢.

٢١ – لینگوا فرانکا واتە زمانی هاوبەش، ئەو زمانە باڵادەستەیە لە نێو چەند زمانێکی جیاوازدا لە بواری سیاسی و بازرگانی و ئابووری و ئەکادیمی ڕۆڵی بەیەکبەستنەوەی هەموو ئاخێوەرانی هەیە. بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی ئەمڕۆ بە لینگوا فرانکای جیهان دادەنرێت. دەکرێ لە نێو زارەکانی یەک زمانیش، زارێک هەمان ڕۆڵی هەبێت.

لە باشووری کوردستان درێژبوونەوەی چوار زاری سەرەکیی کوردی هەیە کە ئەمانەن: زاری کوردیی ناوەندی کە زارێکی باڵادەست و ستانداردی باشووری کوردستانە و زۆرینەی دانیشتوانی باشووری کوردستان بەم زارە قسە دەکەن، ئەم زارە بە هەڵە بە سۆرانی ناو دەبرێت، زارێکی کوردییە لە ناوەڕاستی کوردستانەوە هەڵکەوتووە، ڕاستترین ناو بۆ ئەم زارە، کوردیی ناوەندییە. لە کۆی زیاتر لە شەش ملیۆن دانیشتوانی باشوور بە ناوچە دابڕاوەکانیش نزیک بە پێنج ملیۆن کەس لە چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان(٢٢) لە پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر، کەرکووک، هەڵەبجە بە شێوەزار و بنزاری جیاوازی ئەم زارە قسە دەکەن. زاری کوردیی باکوور، درێژبوونەوەی ئەم زارە سەرەکییە لە پارێزگای دهۆک هەیە، کە بنزاری بادینییە، زیاتر لە ملیۆنێک لە دانیشتوانی باشوور سەر بەم بنزارە کوردییەیە. زاری کوردیی خواروو، کە بە کەڵهوڕیش ناو دەبرێت. ئەم زارە سەرەکییە کوردییە، پانتاییە جوگرافییەکەی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بەتایبەت لە ئوستانی کرماشان و ئیلام، لە چەند ناوچەیەکی باشووری کوردستانیش وەک خانەقین و مەندەلی و زرباتیە لە پارێزگای دیالا بەم زارە کوردییە قسە دەکەن، ژمارەی دانیشتوانیان دیار نییە چەندە، ڕەنگە ١٥٠ – ٢٠٠ هەزار کەسێک بن. زاری کوردیی گۆران – هەورامی، ئاخێوەری ئەم زارەش لە باشوور لە ناوچەی هەورامانی لهۆنە لە پارێزگای هەڵەبجە نیشتەجێن. دانیشتوانی هەورامان دوو بەشە: هەورامانی لهۆن: کۆمەڵە گوندێکە لە باشووری کوردستان، گەورەترین گوندی تەوێڵە و بیارەیە، هەورامانی تەخت: ئەویش کۆمەڵە گوندێکە لە ناوچەیەکی شاخاوی سەخت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتووە لەگەڵ پاوە و پالینگان و نۆدشە و نەوسود پێکەوە بە چەند شێوەزارێکی هەورامی دەدوێن. ئاواییەکانی هەورامان لە باشووری کوردستان ٢٢ گوند و شارەدێیە،(٢٣) تا ئێستا سەرژمێرییەکی وردی دانیشتوانی هەورامانی لهۆن لە باشوور لەبەر دەستدا نییە، ڕەنگە لە دەوروبەری ٤٠ هەزار کەسێک بن.
خوێندن بە زار هەموو زار و شێوەزارێکی کوردی ناگرێتەوە، بۆ نموونە بنزارەکانی کوردیی ناوەندی وەک سۆرانی، گەرمیانی، سلێمانی، موکریانی، ئەردەلانی، ئەم بنزارانە لە هەردوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاخێوەری هەیە، پێویست ناکات بەم شێوەزارانە بخوێندرێن، چونکە زاری ستانداردی کوردیی ناوەندی نوێنەرایەتی ئەم شێوەزار و بنزارانە

---

٢٢ – بەپێی بڵاوکراوەی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ژمارەی دانیشتوانی هەر چوار پارێزگای هەرێم لە ساڵی ٢٠٢٠ گەیشتوەتە(٦.١٧١.٠٨٣) کەس. پارێزگای هەولێر (٢.٢٥٤.٤٢٢) کەس، پارێزگای سلێمانی (٢.١٥٢.٥٩٥) کەس، پارێزگای دهۆک (١.٦٤٨.٦١١) کەس، پارێزگای هەڵەبجە (١١٥.٤٥٥) کەس. بڕوانە ئەم لینکەی خوارەوە:

https://www.sbeiy.com/Details.aspx?jimare=28307 accessed 06 -08-2021

٢٣ – عیززەت فەتاح حەمەساڵح، هەورامان، توێژینەوەیەکی سۆسیۆ ئەنترۆپۆلۆجی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦. ل٢٩

دەکات، لە لایەکی دیکەوە هیچ یەک لەم شێوەزارانە پاشخانێکی ئەدەبی نووسراویان نییە، زیاتر زمانی زارەکی بوون، بێجگە لە بنزاری سلێمانی کە زارە ستانداردەکە لەسەر ڕێزمانی شێوەزاری ئەو شارە دامەزراوە و گەشەی کردووە، پێشووتریش لە میرنشینی بابان زمانی ئەدەبی بووە. ئەم زارە ستانداردە کوردییە ئەمڕۆ زارێکی باڵادەستی کوردییە و ڕۆڵی زمانێکی هاوبەش بۆ کورد لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگێڕێت، بە تایبەت لە باشوور کە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ بە ڕەسمی بۆ زمانی خوێندن لە قوتابخانەکانی باشووری کوردستان دانی پێدانراوە. هەر بە هۆی ئەم پاشخانە کە ئەم زارە لە باشوور هەیبووە کە لە ڕابردوودا زمانی ئەدەبی میرنشینی بابان بووە، دواتریش لە ڕووی پێشکەوتنی بۆ خوێندن و بەستانداردکردنی و فراوانبوونی ئەرکەکانی و زۆریی چاپەمەنی، بووە بە زارێکی باڵادەستی کوردی کە نەک هەر لە ئاستی باشووری کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو بەشەکانی کوردستان لە هەموو زارەکانی دی زیاتر پێش کەوتووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی دانیشتوانی هەرە زۆرینەی باشوور بەم زارە قسە دەکەن، ئەمانە کۆمەڵێک پێوەری زمانەوانین کە لە پلانی زمانی هەر وڵاتێکدا بێت، ئەم زارە پێویستە ڕۆڵی زمانی سەرەکی و هاوبەشی هەبێت، و لە زارەکانی دی لەپێشترە بۆ ئەوەی بکرێ بە زمانی ڕەسمی و کارگێڕیی حکومەت و بواری ئەکادیمی.

خوێندن بە بادینی لە پارێزگای دهۆک، ئەویش وەک شێوەزارێکی کوردی پێویستە چەند ساڵێک لە سیستەمی پەروەردەدا لە پارێزگای دهۆک بخوێندرێت، بۆ ئەوەی زارەکە بێبایەخ نەبێت و گەشە بکات، ئەمە وێرای ئەوەی پاشخانێکی ئەدەبی دەوڵەمەند بەم زارە کوردییە لە ڕابردوودا بە بنزاری بۆتانی لە باکووری کوردستاندا هەبووە، بە ژمارەی ئاخێوەرانی و پانتایی جوگرافیای زمانی کوردی گەورەترین زاری کوردییە. دەڤەری بادینان لە باشووری کوردستان لە هیچ سەردەمێک بە کوردی نەیان خوێندووە، تەنیا لە دوای بەیانی یازدەی ئاداری ١٩٧٠ بۆ ماوەی ٥ – ٦ ساڵێک لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠ - ١٩٧٥ خوێندنیان بە کوردی بووە و بە زاری کوردیی ناوەندییش بووە. بەڵام دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، ئەم ناوچەیە بەر تەعریب کەوتەوە و جارێکی دی لەوێ خوێندن کرایەوە بە عەرەبی. لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ دوای ڕزگاربوونی باشووری کوردستان، جارێکی دی خوێندن لەم ناوچەیە کرایەوە بە کوردی بە زاری کوردیی ناوەندی و بۆ ماوەی هەشت ساڵێک بەردەوام بوو، بەڵام لە دوای ١٩٩٨ ەوە لەوێ خوێندن لە سەرەتایی بۆ یەکەم جار بە بنزاری بادینی دەستی پێ کرد، لە سەرەتا بۆ چەند قۆناغێک ڕێگەپێدراو بوو، دواتر هەموو ساڵەکانی خوێندنی گرتەوە، و گەیشتە ئاستی زانکۆش، تا لە کۆتاییدا زاری ستانداردی کوردیی ناوەندییان وەک زمانی ڕەسمیی کاروباری حکومەتیش لەم دەڤەرە ڕەت کردەوە، کە ئەم ڕەتکردنەوەیە بە ڕادەیەک توند بوو، لە پلانی زمانی هیچ وڵاتێک و هیچ نەتەوەیەکدا نەبووە زارێکی ناوچەیی، زمانێکی باڵادەستی هاوبەشی هەرێمێک بەم شێوەیە ڕەت بکاتەوە، کە لە ئەنجامی ئەم ڕەتکردنەوەیە، زمانی کوردی لە باشوور بوو بە دوو زمان.

لە پلانی زمان بۆ نەتەوە، خوێندن بە زار نابێت بە ئاراستەیەک بێت زمانی ستاندارد و هاوبەشی کوردی ڕەت بکاتەوە، بە تایبەت ئەو زمانە کوردییە بە زاری ستانداردی کوردیی ناوەندی فاکتەرێکی گرنگە بۆ یەکپارچەیی کورد لە باشوور، پێویستە هەرچی زووتر وەک زمانی ڕەسمی بۆ حکومەتی هەرێم بە ڕەسمی بکرێت و لە هەرێمەکە بچەسپێنرێت. ڕەتکردنەوەی ئەم زمانە لە دەڤەری بادینان بۆ هەموو شتێک، ئەزموونێکی خراپی خوێندن بوو بە زار. ئەم ڕەتکردنەوەیە، ئەگەر هەر هۆکارێکی ناوچەگەری و لەهجەخوازی لە پشت بێت، بەڵام هۆکاری سەرەکی نەبوونی پلانی زمانە، کە دەسەڵاتی هەرێم پلانێکی دیاریکراوی بۆ زمانی کوردی لە باشووردا نییە، و هیچ چاودێرییەکی لەسەر زمانیش نەماوە، بۆ پرسی زمانی کوردی و چەسپاندنی لە هەرێمەکە خەمسارد و بێباکە.
خوێندن بە زار بۆ چەند ساڵێک بە تایبەت بۆ ئەو زارانەی کە تایبەتمەندیی کولتووری و ناوچەییان هەیە و کۆنە وەک هەورامی یان بنزاری بادینی بە هیچ شێوەیەک کاریگەریی خراپی بۆ سەر زمانی ستانداردی کوردی لە باشوور نابێت، بەڵکوو زمانی کوردی دەوڵەمەندتر دەکات و زارەکانیش بە زیندوویی دەمێننەوە.
سەبارەت بە زاری کوردیی خواروو یان باشوور کە بە کەڵهوڕی ناسراوە، ئەم زارە کوردییە لە هەموو ئاستەکانی زمانەوە لە کوردیی ناوەندی نزیکە بە تایبەت لەگەڵ شێوەزاری گەرمیانی زۆر تێکەڵ بە یەک بوون و جیاوازییەکانیان کاڵ بووەتەوە. لە ماوەی ١٩٧٠ – ١٩٧٥ خوێندن بە کوردی ئەم ناوچەیەشی گرتووەتەوە و بە کوردیی ناوەندی بووە. دوای نسکۆی شۆڕش بەتوندی ئەم ناوچەیە بەر تەعریب کەوتووە، بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق ٢٠٠٣، خوێندن بە کوردیی ناوەندی لەوێ دەستی پێ کردەوە. لەم ناوچەیە تا ئێستا هیچ داواکارییەک بۆ خوێندن بە زارەکەیان نییە، وەک دیارە ئەوان کێشەیان لە خوێندن بە زاری ستانداردی کوردیی ناوەندی نییە، ئەگەر لە داهاتوو داوا بکەن، ئەوانیش وەک هەورامی و بادینی، مافی خوێندن بە زارەکەیان هەیە بۆ چەند ساڵێک.
نەبوونی پلانی زمان لە باشووری کوردستان و نەبوونی چاودێری زمان، ڕەوشی زمانی کوردی بە ڕۆژێک گەیاندووە کە هەموومان لە پاشەڕۆژی زمان و نەتەوە بترسین. نازانین ئێمە وەک نەتەوە بۆ زمان چیمان دەوێت، لە کاتێکدا هەموومان دەڵێین زمان ناسنامەیە و گرنگترین ڕەگەزی پێکهێنەری نەتەوەیە، کەچی حکومەت هیچ پلانێکی بۆ زمانی کوردی و پێشخستنی نییە، حکومەت دەیەوێ لە باشوور کورد نەتەوە بێت، بەبێ زمانێکی هاوبەش و ڕەسمی، کە ئەم هەلومەرجە زمانییە لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا کەلێنێکی گەورەیە. دواخستنی مەسەلەی یەکزمانی بۆ باشوور، دواخستنی پرۆسەی نەتەوەسازی و دواکەوتنە لە بەدەوڵەتبوونی باشووری کوردستان.

## ئەنجامی باسەکە

پرسی زار و زمان پرسێکی ئاڵۆزی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییە. ئەگەر فرەزاری زمانێک دەوڵەمەندیی زمانەکە بێت، بەڵام پرسی ڕێککەوتن لەسەر یەک زمان لە نێو زارەکانی ئەو

زمانەدا بۆ زمانی نەتەوە، بابەتێکی پرسهەڵگرە. ئەگەر لە پرۆسەی نەتەوەسازی لە ئەوروپا زار بایەخی پێ نەدراوە، چونکە بە هەڕەشە دانراوە بۆ یەکێتیی نەتەوە، خوێندن لە سیستەمی پەروەردەی دەوڵەت نەتەوە بە یەک زمانی نەتەوە بووە، زارەکان فەرامۆش کراون، بەڵام لەم سەردەمە کە سەردەمی لە ناچوونی زار و زمانە، لە ناوچوونی هەر زارێک بەتایبەت زارێک کە پاشخانێکی ئەدەبی هەیە لەدەستدانێکی فەرهەنگی و زمانی گەورەیە کە لە ئایندە قەرەبوو ناکرێتەوە، بۆیە پێویستە لەم سەردەمە شان بەشانی زمانی هاوبەش بۆ نەتەوە بە چەند زارێکی ناوچەییش چەند ساڵێک بخوێندرێت، بە مەبەستی پاراستنی زارەکە لە فەوتان، بەتایبەت لەم هەلومەرجەی ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا، زاری هەورامی کە مەترسی لەناوچوونی لەسەرە، زۆر گرنگە چەند ساڵێک پێی بخوێندرێت، بۆ ئەوەی ببووژێتەوە و گەشە بکات و نەفەوتێت، چونکە بە مانەوەی هەورامی زارێکی کۆن و دەوڵەمەندی کوردی زیندوو دەمێنێتەوە، ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەند و لەمێژینەی کوردی و کولتوورێکی مۆسیقا و ئاواز و گۆرانی کوردی بە زیندووی دەمێننەوە، هەورامانیش وەک ناوچەیەکی فەرهەنگی ڕەسەنی کوردی بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

## سەرچاوەکان


1. David Crystal, English as a Global Language, Cambridge University Press. Cambridge, 2003.
2. K. David Harrison, When Languages Die: The Extinction Of The World's Languages And The Erosion Of Human Knowledge, Oxford University Press, 2007.
3. David Crystal, Language Death, Cambridge University Press, Cambridge, 2003.
4. George van Driem, South Asia and the Middle East, in "Christopher Moseley, (ed.), Encyclopedia of the World's Endangered Languages", Routledge, Abingdon, 2007.
5. Grenoble, L. A. & Whaley, L. J. Saving Languages: An Introduction to Language Revitalization. Cambridge University, New York, 2006.

٦. مەلا مستەفای بێسارانی، دیوانی بێسارانی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: کیومرث نیک رفتار، چاپکراوی ئەمینداری گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی الأديب البغدادية، بەغدا، ١٩٨٢.

٧. – اسفندیار غضنفری، گلزار ادب لرستان، مجموعه اشعار، انتشارات مفاهیم، تهران، ١٣٧٨.
٨. خانای قوبادی، دیوانی خانای قوبادی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)، نشر شوان، سنندج، ٢٠١٦.
٩. دیوانی صەیدی هەورامی، کۆکردنەوە و شیکردنەوەی: محمد أمین کاردۆخی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٧١.
١٠. دیوانی مەلای جەباری، کۆکردنەوە و لەسەر نووسینی: عبدالجبار محمد الجباری، کەرکووک، ١٩٦٧.
١١.کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ملا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا، ١٩٨٠.
١٢.دوکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠١٠.
١٣.خانای قوبادی، شیرین و خوسرەو، محمدی مەلا کریم ساغی کردۆتەوە و فەرهەنگی بۆ ڕیکخستووە و پێشەکیی بۆ نووسیوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا، ١٩٧٥.
١٤.بهروز چمن آرا، سیروس امیری، گورانی: زبان محاورەای یا زبان ادبی کردی؟، ترجمە: وزیر منبری، مجلە هۆنە، شمارە ٤ و ٥، دانشگاە کردستان، سنندج، بهار ٩٨ شمسی.
١٥.سوداد ڕەسووڵ، هەورامی لەهجەیە یان زمان؟ گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (١٣)، هەولێر، ٢٠١٢.
١٦.عیززەت فەتاح حەمەساڵح، هەورامان، توێژینەوەیەکی سۆسیۆ ئەنترۆپۆلۆجی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

### سەرچاوەی ئینتەرنێتی

https://www.sbeiy.com/Details.aspx?jimare=28307 acessed 06 -08-2021